# شەهید جەمال تاهیرو یەکەم خولی وشیاریی کۆمەڵە

کارێکی زۆر سەختو گرانە, مرۆڤ بتوانێ وشەی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ ستایشکردن و هەڵسەنگاندنی کەسایەتییەکی مەزن و تێکۆشەرێکی هەڵکەوتوو.... کەسێك کە هەموو ژیانی خۆی بۆ خەبات تەرخانکردبێت.. کەنەك تەنها دۆستو هاوڕێیانی, تەنانەت جەلادەکانیشی شایەتی جوامێری و قارەمانێتی بۆ بدەن.

سەرەتای یەکتر ناسینمان لەگەڵ شەهید جەمال دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی (1967) کە لە کۆڕی خەباتی ئەو سەردەمەدا, وەك مامۆستایەکی خۆم ناسیم. لەوکاتەوە خۆشەویستی و پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لە نێوانماندا دروست بوو.

هاوڕێیەتیمان لەچەند قۆناغێکدا بەردەوام بو.. هەرزوو یەکێتی بیر لە نێوانماندا دروست بوو, هەر بەو هۆیەشەوە بوو کە جارێکی تر لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەدا, بووینەوە هاوڕێی خەباتو تێکۆشان...

ئەو یەکێتیی بیرەی کەلە سەرەتای یەکتر ناسین مانەوە دروست بوو, درێژەی هەبوو هەتا کاتی شەهید بوونی شەهید بوونی مامۆستا جەمال لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە کۆمەڵەی پێدا تێدەپەڕی, کارەساتێکی جەرگ بڕبوو, بەتایبەت بۆ ژمارەیەك لە هاوڕێ دێرینەکانی کە هیواو ئاواتێکی زۆریان بە مامۆستا جەمالەوەبەستبووەوە, بەڵام سەد حەیف مەرگ بوارینەدا.

ئاشکرایە کە شەهید مامۆستا جەمال هێندە هاوڕێی خەباتی هەیە کە تیشك بخەنەسەر لایەنی خەباتو تێکۆشانی. چ لە خەباتی ژێرزەمینی ناوشارو چ لە خەباتی قارەمانێتی ناو زینداننو چ لە خەباتی شاخدا, بەڵام من لەم بۆنەیەدا, یادگاریەکم هەڵبژاردوە کە تائێستا لای زۆر لە هاوڕێیان شاراوەیە.

کە ئەویش بەشداریی شەهید جەمالە لەیەکەم خولی وشیاری کادرانی کۆمەڵە لەساڵانی (1972-1973) لەبەرئەوەی ژیانی مامۆستا جەمال و ژیانی کۆمەڵە بەجۆرێك ئاوێتەی یەکتر بوون کە ناتوانرێت لێك جیابکرێتەوە, ئەمەش کەمن لەیادی ئەو مەزنەدا دەینووسم, بەشێکە لە ژیانی کۆمەڵە کە شەهیدیش یەکێك بووە لە ئەندامە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە, کە ئەو سەردەمە بە کۆمەڵەی مارکسی لینینی ناسرابوو. هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە, دامەزراندنی پارتێکی پێشڕەوی شێوە نوێی کردبووە ئەرکی ناوەندی خۆی دیارە کە پارتێکی لەو جۆرە پێویستی بە بینای فکریو ڕێکخراوەیی هەیە, بۆ مەبەستی پتەوکردنو باشتر دارشتنی بینای فکری کۆمەڵە. کۆمیتەی هەرێم بە ڕێنومای کۆمیتەی سەرکردایەتی خولێکی وشیاریی بۆ ژمارەیەك لە کادرەکانی کردەوە. خولەکە لە سەرەتادا لە دوو گروپ پێکهاتبوو, بەڵام بەهۆی درێژ بوونەوەی ماوەی خولەکە, بەشێك لە هاوڕێیان لێیکشانەوە, تەنها ئەم هاوڕێیانە توانیان تا کۆتایی خولەکە بەردەوام بن:-

1-شەهید جەمال تاهیر

2-کاك عومەر سەید عەلی

3-کاك کەمال عەلی

4-مامۆستا خەسرەو بابان

5-ئاسۆی شێخ نوری

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ئەمە جگە لە هاوڕێ ئاوات عەبدولغەفوور کە ئەو کاتە ئەندامی سەرکردایەتیو لێپرسراو و سەرپەرشتیاری خولەکە بوو, بە هاوکاری هاوڕێ دلێر تاهیر کە ئەندامی کۆمیتەی هەرێم بوو.

ئەم دوو هاوڕێیە, جگە لەوەی کە سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی خولەکەیان دەکرد, خۆشیان وەك فێرخوازێك بەشدار بوون.

لەبەر پاراستنی نهێنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کەتا ئەو سەردەمە خۆی بۆ جەماوەر ئاشکرا نەکردبوو, بەڵکە هەر بەشێوەی نهێنی خەباتی دەکرد, لە هەوڵی بەهێزکردنی خۆیو داکوتانی ڕەگوڕیشەدا بوو, وە لەترسی چاودێری نەیارانی و خۆپاراستن لە ئاشکرا بوون و نەبونی جێگاو ڕێگای گونجاو, دەبو خولەکە لەچوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا بێت, بەجۆرێ کە هەم ئاشکرابوونی هاوڕێیان لە یەکتری بپارێزێو هەم بتوانرێ لە جێگایەکی بچووکدا بەڕێوە بچێت. بۆیە گروپەکان بە ژمارەی کەم دانرابوونو زیاتریش لەو هاوڕێیانە پێکهاتبوو کە پێشتر لەناو کۆمەڵەدا یەکتریان ناسیبوو.

کاتو شوێنی خولەکە, زۆر بەوردی دەست نیشان کرابوو, لە هەفتەیەکدا یەك شەو یەك ڕۆژی بەردەوامی دەخایاند, هەندێ جار درێژ دەبوەوە بۆ ماوەی دووشەو لەسەر یەك.

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە, دەچووینە ماڵی یەکێ لە هاوڕێیانی گروپەکە, ئەو شەو ڕۆژەی دوایش بەردەوام دەبووین, هەتا ئێوارەی ڕۆژی هەینی, پاش دنیا تاریك بوون, یەك یەك دەچووینە دەرەوە بێئەوەی هەستمان پێبکرێت. لەو ماوەیەدا خەوتنو خواردنمان هەر لەو ماڵە دەبوو.

بەرنامەیەکی چڕو پڕ بۆ خولەکە دانرابو کە بەشێوەی سەرەکی بریتی بوو لە:

1-مارکسیزم.

2-لینینزم

3-بیرو باوەڕی ماو

4-مێژووی کورد

5-ئەزموونی شۆڕشی گەلان

6-شەڕی پارتی زانی و شەڕی ناوشار

کە بۆ هەر یەکەیەکی لەم بەرنامانە, چەندین کتێبو سەرچاوە دیاریکرابوون, زیاتریش پشتمان بەسەرچاوە ڕەسەنەکان دەبەست.

جگە لەوانە, چەندین نامیلکەی تر دەخوێنرا ئەوە وەك (مناڤره حول الحرکه الشیوعیه العالمیه) کە لەمەر ناکۆکییەکانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیات و پارتی کۆمۆنیستی چین بوو, کە بە هۆیەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دونیا بوبوو بە دووبەشەوە, هەروەها پشتمان بە نووسراوەکانی (منیر شەفیق)دەبەست بەتایبەتی کتێبی (نڤریە الحزب الپوری) و کتێبی (الپوره المسلحه). لە ڕاستی دا هەر هەموومان سوودی زۆرمان لە خولەکە وەرگرت, خۆشمان زۆر بە حەماسەتو پەرۆشەوە هەوڵی خۆ فێرکردنمان دەدا. هەوڵی کاك ئاوات و کاك دلێریش, کاریگەریی تەواوی هەبوو لەسەرمان. ئەم خولە بنچینەی فکری و تیۆریمانی زۆر بەهێز کرد, جگە لەوەی کە یەکێتی بیری لە نێوانماندا چەسپاند زۆر پرسیار هەبوو تا ئەوکاتە وەڵامیمان لەلا ڕۆشن نەبوو, بۆیە بە پەرۆشەوە بۆ وەڵامی چەند مەسەلەیەکی جەوهەری دەگەڕاین. وەك مەسەلەی پارتی پێشڕەو و دیاریکردنی ناکۆکییەکانو هەڵوێست

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

بەرامبەر هەریەکەیان و شیکردنەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕوانگەی چینایەتییەوە. و چۆنیەتی مارکسیزم-لینینیزم لە واقعی تایبەتی کوردستاندا.

تا دەهات وتوویێژەکانمان چڕترو فراوانتر دەبوو, بەجۆرێك کە پەلمان بۆ هەندێ مەسەلە دەکێشا کە بەلای سەرکردایەتیەوە لێدوان لەو مەسەلانە هێشتا کاتی نەهاتبوو, بەهۆی درێژ بوونەوەی ماوەکەوە نزیکەی (8) مانگی خایاندو ئەو مەسەلە هەستیارانەی گروپەکە کەوتبووە توێژینەوەی لەسەری. سەرکردایەتی کۆمەڵە بڕیاری کۆتایی پێهێنانی خولەکەیدا, داوامان لێکرا کە هەریەکەو بابەتێك بنووسین‌و پێشکەشی بکەین.

بەمجۆرە یەکەم خولی پەروەردەکردن‌و پێگەیاندنی کادرانی کۆمەڵە ئەنجامدرا.

وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا, لە نووسینەوەی هەر بیرەوەرییەکی شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمال دابڕاو نییە لە مێژووی خەباتی کۆمەڵەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان... هەر بەشێك لە ژیان نامەو بیرەوەرییەکانی ئەو تێکۆشەرە مەزنە بەشێکە لە مێژووی خەباتی شکۆمەند و پڕ لە سەروەریی کۆمەڵەو یەکێتی.

هەرچی دەربارەی شەهید جەمال بوترێ و بنووسرێ هەر کەمە, ڕەنگە باشترین تەعبیر لە خۆشەویستی و لێهاتوویی شەهید جەمال ئەوەبێت کە لە کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵەدا, لەناو زەنگ بەکۆی دەنگی ئەندامانی کۆنفڕانس, بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردراو لەبەر لێهاتویی و شارەزایی کرایە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی کۆمەڵە.

لە ڕاستیدا هاتنە دەرەوەی شەهید جەمال و هەڵبژاردنی بەوشێوەیە لە کۆنفرانسی دووەمدا, واتایەکی زۆری هەبوو بۆ زۆربەمان. ئێمە دڵنیابووین کە هاتنی شەهید جەمال بۆ خەباتی پێشمەرگانەو وەرگرتنی ئەو پۆستەی, گوڕو گوژمێکی تر بە مەسەلە فکری‌و ڕێکخراوەییەکانمان دەدات... بەڵام مەخابن کە مەرگ بواری نەدا.

لەدەستدانی ئەو سەرکردە هەڵکەوتووە لەو هەلومەرجە ناسکەدا, زیانێکی گەورەبوو... مەگەر هەر هاوڕێ دێرینەکانی خەباتی, هەست بە کاریگەریی ئەو کۆستە جەرگ بڕە بکەن.

ئاسۆی شێخ نوری

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com